# خاوەنکار و رامیارکاران وەدەرنێن
# تایبەتیکردن هەر ئێستاکە ڕاگرن

و. لە ئینگلیزییەوە*: هەژێن

## تایبەتیکردن دژ بە خەڵکە

تایبەتیکردن پرسێکە کە ڕاستەوخۆ زیان و کارایی لەسەر ژیان و گوزەرانی چینی کارگەر دادەنێت. لە سەروبەری هەر هەڵبژاردنێکدا، لەلایەن ڕامیارکارانەوە سەردانی دەکرێین و بەڵێنی هەموو شتێکمان پێدەدەن. پاش هەڵبژاردن، وەك جاران دەیان هەزار لە کارگەر و کەسانی هەژار ڕووبەڕووی دەرکردن و دابڕان و وابەستەیی خاوەندارێتی دەبنەوە. ئەم بارە نالەبارە ڕاستەوخۆ بە پرۆسەی تایبەتیکردنەوە پەیوەستە. تایبەتیکردن پرۆسەی گێڕانەوەی خزمەتگوزارییەکانی میری و کۆمپانییەکانی میرییە بۆ بواری چالاکی بەدەستهێنانی سوود. ئەمە بە واتای کۆمەڵێك شت دێت:

- کاری کەم و کرێی نزم، لەگەڵ خزمەتگوزاری کەمتر.
- لێسەندنەوەی دەستکەوتەکان.
- بەرزبوونەوەی نرخی خزمەتگوزارییەکان.
- لەسەرکار دەرکردن و کەمکردنەوە و وابەستەیی ئەگەر موچەمان دواخرا.

## تایبەتیکردن واتە سوود کەڵەکەکردن لە برسیکردن

بەمجۆرە، بۆ نموونە، نرخی کارەبا زیاد دەکرێت، لەبەر ئەوەی (ESKOM) دەیەوێت پارەی فرەتر بەدەست بێنێت و قەرەبووی قەرزەکانی بکاتەوە. ئەمە لەبەر ئەوە دەکرێت، تاوەکو کۆمپانییەکە سوودی زیاتر بەدەست بێنێت. هەروەها بۆ ئەوەی کە کۆمپانییەکە لە بازاردا سەرنجراکێشتر بێت: (کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریکا SACP & ANC) و شالیاری میری (Jeff Radebe) بەڵێنی فرۆشتنی DENEL، ESKOM، TELKOM و SPOORNET ی لە کۆتایی ٢٠٠٢دا بە کۆمپانیا گەورەکان داوە. Radebe هیوادارە کە کۆمپانیا گەورەکان لە باشوری ئەفریکا، کۆمپانیاگەلی وەک Anglo-American و Sanlam و کۆمپانیاگەلی سەروودەریایی وەك Suez-Lyonnaise ئەم کۆمپانیانە بکرن.

## خاوەندارێتی میری ئەڵتەرناتیڤ نییە

لە ڕاستیدا بە کردەوە جیاوازییەکی کەتواری نییە، کاتێك ئەم کۆمپانیانە بە موڵکی میری بمێننەوە یا ببنە هی کۆمپانیا گەورەکان. گرفتی بنەڕەتی لێرەدایە: کە سوکانی میری بەدەست ANC یەوە بۆ ئەوەی کۆمپانیا میرییەکان و خزمەتگوزارییە میرییەکان بکەنە سەرچاوەی سوود کەڵەکەکردن. ESKOM سەد لە سەد موڵکی میرییە. لەگەڵ

ئەوەشدا بە خۆی لە Soweto لە مانگێدا ١٥،٠٠٠ کەسی کەمکردەوە -دەرکرد-. میری لە Servcon دا هاوبەشە، ئەو کۆمپانییەی کە لە کەناری ڕۆژهەلاٌتی هەرەشەی دەرکردن لە کارگەران دەکات. لە سەدا حەفتای TELKOM موڵکی میرییە، کە لە پێنج ساڵی رابوردوودا لە سەدا سی (٣٠%) نرخی تەلەفۆنکردنی بەرزکردەوە. شتەکە سادەیە. کاتێك کە ئێمە دژی تایبەتیکردنەوە دەوەستینەوە، پێمان وانییە کە موڵکایەتی میری بۆ ئەم کۆمپانی و خزمەتگوزارییانە چارەسەر بێت. بە پێچەوانەوە، بە هیچ شێوەیەك چیتر جیاوازییەکی وا لە نێوان خاوەندارێتی میری کۆمپانیاکان و خاوەندارێتی تایبەتی کۆمپانیاکاندا نییە. هەردووکیان لە سروشیاندا سوود هاندەریانە و دژی کارگەر و دژی یەکێتییەکانن. ئەمە ئەوە دەگەیێنێت، کە هاوکات خەباتمان، خەباتە دژی هەردوولایە؛ کۆمپانییە گەورەکان و میری.

## <u>خاوەندارێتی میری ناکاتە سۆشیالیزم</u>

پێویستە ئەوەش بڵێین کە موڵکایەتی میری کۆمپانیاکان هیچ پەیوەندی بە سۆشیالیزمەوە نییە. لە مێژوودا هەندێك لە کۆمپانیا زیاتر دژە کارگەرەکان موڵکی میری بوون. بۆ ئانارشیستە شۆڕشگێڕەکان پرسەکە روونە: سۆشیالیزم واتە خۆبەڕێوەبەری؛ خۆبەڕێوەبەری تەواو پێچەوانەی کۆنترۆڵی دەوڵەتییە؛ هەروەها کۆنترۆڵی سەرکوتگەرانەی دەوڵەتی لە هیچ بارێکدا ناتوانرێت بە خۆبەڕێوەبەرایەتی کارگەران بچوێنرێت، لەبەر ئەوە ئێمە دژی تایبەتیکردن نین، کە میریمان خۆش بوێ و ترسی ئەوەمان هەبێت کە بە هۆی تایبەتیکردنەوە دەسەلاتی لەدەسەت بدات. ئێمە ڕکمان لە میری دەبێتەوە، لەبەر ئەوەیە دەمانەوێت ڕاستگۆ بین. هۆی ڕاستەقینەی دژایەتیمان بۆ تایبەتیکردن لەبەر ئەوەیە کە زیان بە چینی کارگەر دەگەیێنێت. کە ئەمە لە هۆیەکی پێویست زیاترە.

## <u>بۆچی تایبەتیکردنەوە ڕوودەدات؟</u>

تایبەتیکردن لەبەر ئەوە ڕوودەدات کە کۆمپانییە گەورەکان لە سەرتاسەری جیهاندا ڕووبەڕووی قەیرانێکی ئابوری دەبنەوە. ئەم قەیرانە ئابورییە هاوشێوەی تەمبەڵییە (داتەپین)ە گەورەکەی دەهەی سییە -١٩٣٠یەکانە-. ئەمجارە تەمبەڵی بەهێز شێوەی خاو بزووتن بەخۆوە دەگرێت: لە شەستەکانەوە داتەپینی ئابوری درێژماوە لە ئاستی جیهانیدا لە ئارادایە، ئەوەی کە لە ١٩٧٣وە زیاتر بەرچاوکەوت. ئێمە هێشتاکە لە قەیراندا دەژین. کۆمپانیا گەورەکان لە هەوڵی ئەوەدان کە چینی کارگەر باجی ئەم ئەم قەیرانە لەڕێی پیادەکردنی سیاسەتەکانی نیئۆلیبرالیزم؛ لەوانە تایبەتیکردن و <u>بێسەرەو- بەرەییەوە</u> casualisation، بدەن. بە واتایەکی تر، سیاسەتی دژە کارگەری وەك تایبەتیکردن بۆ ئەوەیە کرێیکار (هەقدەست) و ئاستی ژیانی چینی کارگەر بەمەبەستی بەرزکردنەوەی سوودی کۆمپانییە گەورەکان، دابەزێنێت. ئەمە ئەوە دەگەیێنێت کە هۆی ئاراستەکردنی ئەم ڕامیارییانە چەند ڕامیارکارێکی گەندەڵ یا

بەڕێوەبەرێکی کەمتەرخەم نین: بەڵکو ناوەڕۆکی ئەم سیاسەتانە دڵڕەقی و گیانی شەڕەنگێزانەی سەرمایەداری مۆدێرنە. لەبەر ئەوە، خەباتی ئێمە دژی تایبەتیکردن، خەباتە دژی خودی سەرمایەداری، خەباتە دژی سیستەمی سوود کەڵەکەکردن لە ڕێی کاری هەرزان، کەمکردنەوەی پێداویستی و خزمەتگوزارییەکان، پەیوەندی نادیموکراتانەی بەرهەمهێنان، شەڕ و ڕاسیزم.

## لە خشتەبردن و فڕوفێڵی هەڵبژاردنەکان

ئێمە ئانارشیستە شۆڕشگێڕەکان هەڵبژاردنەکان بە لەخشتەبردن دەزانین. نەك لەبەر ئەوەی کە دیاریکراون، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە هەڵبژاردنەکان دیموکراسیانە نین. هیچکات ڕامیارکارەکان لە هیچ خاڵێکدا ڕەزامەندی جەماوەرییان بۆ پیادەکردنی تایبەتیکردن پێنەدراوە. هیچکات لە هیچ خاڵێکدا ڕامیارکارەکان مافی ئەوەیان پێنەدراوە لەسەر خوانی ئێمە قەلەو بن، دەرمان کەن و دامان بڕن، مافمان بخۆن و ڕوناکیمان ببڕن. ڕۆشنە، کە میری خزمەتی خەڵک ناکات. خزمەتی کۆمپانییە گەورەکان و دەوڵەندان دەکات. ئەمانە بە بەڵگەوە سەلماون کە هەموو میرییەکان لە جیهاندا سیاسەتەکانی نیئۆلیبرالیزم پیادە دەکەن و لە هیچ بارێکدا نوێنەرایەتی چینی کارگەر ناکەن. پێویست نییە ئێمە بەشداری لەم سیستەمە بۆگەنەدا، لەم مافیا ڕامیارییەدا بکەین. خاوەنکار و ڕامیارکاران دەستیان تێکەڵە، دەوڵەتمەندان سەروەری هەژارانن.

## چینی کارگەر دەبێت کۆمەڵگە بەڕێوەبەرێت

لەبەر ئەوە مافی خۆمانە دژایەتی میری بکەین و بیگۆڕین بە سیستەمێکی نوێ، کە خزمەتی خەڵکی بکات. پێویستە سیستەمی کارگەران و ئەنجومەنە کۆمەڵایەتییەکان بێت، کە لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی نوێنەران دادەمەزرێت. لە بری هەڵبژاردنی پێنج ساڵ جارێکی ڕامیارە درۆزنەکان، پێویستە مافی ئەوەمان هەبێت، دەستبەجێ نوێنەرانی ناکارا و گەندەڵ لە نوێنەرایەتی بخەین. لەبری ئەوەی هەموو بڕیاردانەکان بە کەسانێك بەنێوی شارەزایان بسپێرین، پێویستە مافی ئەوەمان هەبێت، بەپێی لوان لەو بڕیاردانانەدا بەشداری بکەین، کە کارایییان لەسەرمان هەیە. پێویستە مافی کۆنترۆڵکردنی شوێنەکانی کارکردن، ئەنجومەنەکان (شارەوانییەکان) و فێرگەکانمان هەبێت. ئایا ئەمە دەکرێت (کردەنییە)؟ بەڵێ، مێژوو ئەزمونەگەلی کۆنترۆڵکردنی کارگەری و بەڕێوەبردنی دیموکراسییانەتری کۆمەڵگە لەلایەن چینی کارگەرەوە نیشانی داوە؛ لەوانە کۆمۆنەی پاریس، شۆڕشی ئەسپانیا، ئەنجومەنە کۆمەڵایەتییەکانی هەنگاریا ١٩٥٦، یا دەسەلاتی گەلی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو لە باشووری ئەفریکا. پێویستە چینی کارگەر دەست بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگە، بگرێت.

## ئامانجەکانمان

ئامانجی سەرەکیمان هەڵوەشاندنەوەی تایبەتیکردن و کۆتاییهێنانە بە سیستەمی سەرمایەداری، کە هۆی سەرهەڵدانی گرفتەکەیە. ئامانجمان بۆ کارگەران و ئەنجومەنە کۆمەڵایەتییەکان، دەستبەسەرداگرتنی ڕاستەوخۆی کۆمپانیا و خزمەتگوزارییەکانی میری و کۆمپانی خزمەتگوزارییە تایبەتییەکانە. کاری ڕاستەوخۆ (Direct Action) تەنیا ڕێگەچارە و شێوازی تێکۆشانە نەك هەڵبژاردن. ئێمە ئامانجمان هەرەوەزیکردنی کۆمپانیاکانە، دەستبەسەرداگرتنیان و خستنەژێر بەڕێوەبەرایەتی کارگەری و کۆنترۆڵی ئەنجومەنە کۆمەلایەتییەکان و خۆبەڕێوەبەرایەتییان لەڕێگەی هەڵسورانی شۆڕشگێڕانەوە.
سەرکەوتوو بێت چینی کارگەر. ژیانمان باشتر دەبێت، کاتێك کە دەوڵەمەندەکان بڕوخێنرێن

## داخوازییەکانمان

- ئێمە خوازیاری بەهێزکردنی کردەی **Khanyisa ی بەردەوامین؛ چینی کارگەر دەبێت کاروبارەکان بەدەستەوە بگرێت و هەر دابڕان و وەستانێك بەرپەرچ بداتەوە.
- ئێمەخوازیاری بایکۆتکردنی (بەشداری نەکردن)ی خەڵکانی کارگەرین لە بژاردنی خزمەتگوزارییەکاندا، دەبێت میری خەرجیان لە ئەستۆ بگرێ و خۆرایی بن.
- ئێمە خوازیاری ئەوەین کارگەران و ئەنجومەنەکان هێزی نەرێکردنی -ڤیتۆکردنی- هەموو بڕیارە پەیوەستەکان لەلایەن کۆمپانیا و ناوەندە خزمەتکارییەکانی میرییەوە، بن.
- ئێمە خوازیاری ڕاگرتنی هەموو کەمکردنەوە، لێگرتنەوە، تەنگ پێهەڵچنینێکین لە ڕێگەی سەختگرتنەکانی شوێنکارەوە.

### ئەوەی نییەتی ببژێرێت، نابێت ببژێرێت

* وەك هەمووومان دەزانین پرۆسەی تایبەتیکردن بە ئاوەڵاکردنی سنوورەکانی کوردستان و عیراق لەبەدەم بازار ئازاد ( سیستەمی ئابوری نیئۆلیبرالیزم)دا، نەك تەنیا ڕەوشی تایبەتیکردنی خێراکردەوە و مەیدانی بۆ کۆمپانی دەرەکی خۆشکرد، کە ئەمەش پابەندی ڕێکەوتنی دەسەلاتدانی ئەم دەڤەرەیە لەگەڵ ناوەندە جیهانییەکانی وەك بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و..تد و تایبەتیکردن یەکێکە لە مەرجە یەکەمەکانیان. بەڵکو شێوازی مافیایی و راوڕووتی بێوێنەی وەك تاپۆکردنی گشت ناوەندەکانی خزمەتگوزاری و کەرتە گشتییەکانی لەسەر پارتە دەسەلاتدارەکان لەڕێگەی فێڵی یاساییەوە و بەناوکردنی ناوەند و کەرتەکان بەنێوی کەسانی سەر بە پارت و کۆمپانیاگەلی ژێربەژێر سەربە پارت و دواجار گێڕانەوەیان بۆ ئەندامانی خێزانە دەسەلاتدارەکانی ناو پارتەڕامیارییەکان، هێنایە ئاراوە.

لەبەر ئەوەی بارودۆخێك كە ئەورۆ لە كوردستاندا لە ئارادایە، هاوشێوەیە لەگەڵ بارودۆخی زۆربەی ولاتانێك كە بەر شاڵاوی تایبەتیكردن كەوتوون، بەتایبەت دانیشتوانی باشووری ئەفریكا، كە سالانێكی دوورودرێژ بەدەست هەلاواردنی نەژادییەوە ناڵاندی و وەك جەماوەری كوردستان پێیان وابوو، بە كۆتایی ستەمە نەژادییەكە و سپاردنی كاروبارەكان بە دەسەلاتدارانی خۆیی، ئیتر گشت ئازار و چەوسانەوەیان كۆیایی پێ دێت. بەلام ئەمە هەروەك لە كوردستان بینیمان، پاش كۆتایی هاتنی ستەمە نەتەوەییەكە نابێت، جڵەوی بەرێوەبەرایەتی بە دەسەڵاتخوازانی خۆیی بسپێرینەوە. بەڵكوو پێویستە بەخۆمان لە رێگەی خۆرێكخستنی خۆمانەوە كۆمەڵگە و كاروبارەكانمان بەرێوەبەرین. ئەمە ئەو شتەیە كە رەشپێشتەكانی باشوری ئەفریكا پێش ئێمە رووبەرووی بوونەوە. بۆیە منیش وەرگێرانی ئەم نووسینەم بە گونجاو زانی. بە درێژایی مێژوو ئەزموونەكان نیشانیان داوە، كە كۆتاییهێنان بە هەلاواردنی نەژادی، رەگەزی، نەتەوەیی، ئایینی هیچكات كۆتایی بە سەرچاوەی ستەمی مرۆڤ لە مرۆڤ نییە، بەڵكو كۆتاییهێنان بە چەوسانەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە بە لەناوبردنی پایە و پێناو و هۆكارەكانی سەرهەڵدانی چەوسانەوە؛ موڵكایەتی تایبەتی، كاریكرێگرتە و سەروەری چینایەتی، مرۆڤ دەتوانێت بۆ هەمیشە ئازاد بێت.

** Khanyisa وشەیەكی زولو (Zulu )ییە، كە زمانێكی بەرفراوانە و زۆرێنەیەك ئاخاوتنی پێدەكەن، بە واتای روناكبوونەوە" Spreading the light" دێت.

سەرچاوەی ئەم وتارە : [ماڵپەری ئانارشیستە شۆرشگێرەكانی باشوری ئەفریكا(زابالازا نێت)]